# ئێراقی دوای ڕاپۆرتەکەی ژەنەراڵ دێڤید پاتریۆس و باڵیۆز رایان کرۆکەر

**بەدواداچوون: ئاسۆ عەلی فەرەج**

لەژێر گوشارێکی نێوخۆیی وەدەرەکیدا ئەمەریکا لە ئێراق هەمیشە لەگەڕان و دیراسەکردندایە بۆ دەربازبوون لەو ڕەوشە ئاڵۆزەی ئێراقی پێداتێپەڕ دەبێت و هێزەکانی ئەمەریکاش لەلایەکی دیکەوە. دیموکراتەکانی نێو کۆنگرێسی ئەمەریکا بەردەوام تاکە رێگایان بۆ سەرۆک بۆش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بووە لە ئێراق، ئەگەرچی راپۆرتەکەی بێکەر-هاملتۆن و دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاو چەندین راپۆرتی دیکە نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەتۆ لەسەر بیرکردنەوە وئامانجەکانی بۆش دابنێت سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی لە ئەمەریکا، بەڵام رایەکی گشتی بەرهەمهێنا و بۆش و ئیدارەکەی خستبووە بەردەم دەیان پرسیار، لەبەرامبەریشدا سەرۆک بۆش بەردەوام جەختی لەسەر مەترسیەکانی تیرۆر و قاعیدە لە ئێراق و ناوچەکە دەکردەوە وەک هێزێکی ترسناک بۆ ئایندەی ئەمەریکاو پرۆسەی دیموکراسی و لەلایەکی دیکەشەوە پاڵپشتی کردنی حکوومەتەکەی مالیکی هەرچەند کەوتبووە بەردەم رەخنەیەکی توندی بۆشیش، هەموو ئەمانە وای لە ئیدارەکەی ئەمەریکا کرد ستراتیژییەتی سەربازییان لە گۆڕاندا بدۆزنەوە لە نێو ئێراق، پێش ئامادەکردنی راپۆرتەکەی ژەنەراڵ دێڤید پاتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا و باڵیۆز رایان کرۆکەری باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئێراق، بەسەردانێکی کتوپڕو لەناکاو بە یاوەری شاندێکی بەرفراوان لە ئیدارەی وڵاتەکەی سەرۆک بۆش گەیشتە ئەنبار و لەوێ لەگەڵ هەریەک لە سەرکردەکانی ئێراق و فەرماندەییەکانی سوپای وڵاتەکەی کۆبووە و چاودێرانیش ئەمەیان وەک پاڵپشتیەکی دیکە بۆ مالیکی و حکوومەتەکەی لە قەڵەمدا وێرای هۆشداریدان بە سەرکردەکانی ئێراق، بۆ هەنگاونان و تەکانێکی زیاتر بە پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتمانیی لە ئێراقدا، چاودێران ئەم سەردانەیان بە هێزێکی دیکە ناساند بۆ بەهێزکردنی

راپۆرتەکەی هەریەک لە رایان کرۆکەر و ژەنەراڵ دێڤید.
وەک هەموو لایەکیشمان بینیمان راپۆرتەکانی ناوبراوان لە نێو کۆنگرێسی ئەمەریکادا چ سیمایەکی دیکەی بەخشیە ستراتیژییەتیەکەی سەرۆک بۆش کاتێک پاتریۆس ئاماژەی بە پێشکەوتنی هێزەکانی ئەمەریکاییدا لە پاراستنی ئەمنیەتی بەغداو چەند ناوچەیەکی دیکە، ئەوە ئەو خاڵە بوو کە سەرۆک بۆش چاوەڕوانی دەکرد. لەلایەکی دیکەوە پاتریۆس جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە پێویستە دەست بکرێت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئێراق لە ناوەڕاستی ساڵی دادێ و کەمبکرێتەوە بۆ **130** هەزار سەرباز، بەڵام بەشێوەیەکی کتوپڕ و بێ بەرنامە نابێت ئەم هەنگاوە بنرێت. لەلایەن خۆیانەوە بەرپرسانی ئێراق وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لەمەڕ ئەو راپۆرتەکەی ناوبراوان، ئاماژەیان بە رۆڵی گرنگی ئەمەریکادا لەمانەوەیان لە ئێراق و بوونی هێزەکانی ئەمەریکایشیان وەک زەمانەتێک بۆ بەرەوپێشچوونی حکوومەتەکەی ئێراق و پرۆسەی سیاسی وەسفکرد، گوتەبێژی حکوومەتی ئێراقی فیدراڵ عەلی دەباغ رایگەیاند ئێراق هەست بە دڵنایی دەکات بە کشانەوەی بەرەبەرەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئێراق و ئەم کشانەوەیەش کێشە دروست ناکات لە حاڵەتێکدا ئەگەر رێککەوتنێک لەگەڵ ئێراقییەکان ئەنجامبدرێت و کشانەوەی کتوپڕیش لەبەرژەوەندی هیچ لایەنێک نییە.
موەفەق روبەیعی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئێراقیش لە کاردانەوەیەکدا سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی پاتریۆس و کرۆکەر خۆشحاڵی حکوومەتی ئێراقی دەربڕ بەو راپۆرتە و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم جۆرە راپۆرتانە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئەو کەسانەی بەرپرسن لەبەرامبەر گەلانی ئێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاڕادەیەکی زۆر بە شەفایەتەوە ڕەوشی ئەمنی ئێراق هەڵدەسەنگێنن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمەش ئەرکی سەرشانی ئەو کەسانەیە کە هەوڵدەدەن بنەماکانی دیموکراتیەت بهێننەدی و بپارێزن.
هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئێراقی فیدراڵیش دەربارەی راپۆرتەکەی کرۆکەر و پاتریۆس گوتی: هەنگاو و ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە ئێراق و

زیادکردنی هێزەکانیان تەنیا مەبەستیان یارمەتیدانی ئێراقیەکان بووە و کۆتایی هێنان بووە بە ڕەوشی ناسەقامگیری لە ناوچە نائارامەکانی ئێراق.
تەنیا پرسیار کە رووبەڕووی ئێراقیەکان دەبێتەوە بەرامبەر بەم راپۆرتە ئەوەیە ئایا رەوشی سیاسی و ئامنی وتوانای حکوومەت وهێزەکانی سوپا و پۆلیس لەو ئاستەدایە کە پشت بە خۆی ببەستێت لە هەر ئەگەرێکی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ، چونکە حکوومەتەکەی مالیکی بەهۆی ئەو ناسەقامگیری و شەڕە تەوائیفیەکان و هەڵوێستەکانی سوونەکان لە کەشووهەوایەکی نائاساییە و کۆنترۆڵکردنی ئێراقیش لەلایەن هێزەکانی ئێراقیەوە ئەستەمە لەم قۆناغەدا، ئێراقی دوای راپۆرتەکەی پارتریۆس و کرۆکەر، هەمان ئەو ئێراقیە دەبێت کە لەسەر پێکهاتەیەکی تەوافقی و ئاشتەوایی نیشتمانی پرۆسەی سیاسی خۆی بخاتە سەر ڕەوڕەوەی وەستانەوە بەرامبەر هەر ئەگەرێک.
هەموو ئەمانەش لەلایەک و ئەو راپرسیەی کە لەلایەن هەریەک لە کەناڵی **ABC NEWS** ئەمەریکایی و **BBC** بەریتانی و **NHK**ی ژاپۆنی لە ئێراقدا ئەنجامدراوە کە تێدا هاتووە: **70%** بەشداربووانی راپرسیەکە کە پێیانوایە بە زیادبوونی ژمارەی سەربازەکانی ئەمەریکا لەئێراق رەوشی ئەمنی باشتر نەبووە و **47%**یش دەخوازن دەستبەجێ هێزەکانی ئەمەریکا ئێراق بەجێبهێڵن.

**تێبینی: لە رۆژنامەی خەبات بڵاو بووەتەوە.**

**aso_ali2003@yahoo.com**